کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 10-8-2007 19:51

## لەشفرۆشی و دیاردەیەکی ترسناک... !!؟؟ سەروەر کەریم

sarwarkareem@gmail. com



لەدوای ڕاپەرینی ئازاری (1991) بەدواوەو لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەی دام و دەزگا ئیدارییی وسیاسیەکانی بەعس لەکوردستان و جێگیربونی دەسەڵات و ئیدارەی کوردی، چاوەڕوانی ئەوەدەکرا، کەسەرلەبەردی دەستوورو یاساکانی بەعس هەڵوەشێتەوە و کۆتایی بەعەقڵییەتی بەعسیزم بهێنرێ و دەستوور ویاسایەکی مۆدێرن و شایستە بەئینسان جێگەی بگرێتەوە، بەڵام ئەمەیان خەون و یۆتۆپیابوو کە لەعەقڵیەتی بەشێك لە ئینسانەکانی کۆمەڵگادا بوونی هەبوو.

دیارە ئەوە خەونێك بوو کەساڵەها بوو لەناخی ئنسانەکاندا کینگڵی دەداو چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەیان دەکرد، بەڵام بەڕووخانی بەعسیش ئەوە هەر بەخەون مایەوەو زۆرێك لە داب و نەریت و عەقڵییەتی خێڵ زیندو بووەوە کە ئینسانەکانی دووچاری شڵەژان کرد، بەتایبەتی ژنان، چونکە ژنانی کۆمەڵگای ئێمە لەسەر جۆرێك لەمەدەنی بوون ڕاهاتبوو، بەڵام دوای ڕاپەڕین هەڕەشەی گەڕانەوەی حیجابیان لێدەکراو تێزابیان پیا دەڕشتن و هووهایان لێ دەکێشان، ناڵێم ئەو دیاردانە نە بوون، بەڵام زۆر کەم بوون و دوای ڕاپەڕین فراوان بوون گروپی ئیسلامی سەریان دەرهێناو دیاردەی لەش فرۆشی فراوان بوو، هەڵبەتە لەش فرۆشی دیاردەیەك نی یە تەنها تایبەت بێت بە عێراق و کوردستانەوە، بەڵکو دیاردەیەکی جیهانی یەو لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێ و ڕێژەی کەم و زیادیشی هەر جیاوازە. دیاردەی لەش فرۆشی لەکۆمەڵگای کوردستاندا زۆر کەم بوو پێش ڕاپەڕین، بەڵام دوای ڕووخانی بەعس و بوونی گەمارۆی ئابووری و خراپی باری گوزەران ئەو دیاردەیە فراوان بوو، کە دیارە دوو هۆکار لەپشت سەری یەوە کاری دەکرد، یان دوو فاکتەری یارمەتی دەر بوون بۆ فراوان بوونی ئەو دیاردەیە، یەکەمیان خراپی باری ئابوری، دووەمیان دەسەڵاتی سیاسی و فورسەتی ژیان و دامەزراندن.

ڕەنگە زۆرینەمان ئەوەمان بیستبێت کە دامەزراندن لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بە بێ بوونی واستە، بەمانایەکی تر ناسینی کەسێکی دەسەڵاتدار زۆر قورس و گران بووەو زۆریشمان ئەوەمان بیستووەو بەر گوێمان کەوتووە کە بەشێك لە دەست ڕۆیشتوو دەسەڵات دارەکان بەبێ مقابیل کاریان بۆ ژنان نەکردووە، کە دیارە ئەمەیان ڕێگە خۆش کەر بووە بۆ ئەوەی ژنان لەپێناوی دامەزراندن و پەیدا کردنی ناندا مل بە ئیختیابی خۆیان بدەن.

سەرباری ئەوەی دیاردەی لەش فرۆشی لەکۆمەڵگای ئێمەدا زیادی کردووەو هیچ ڕێگە چارەیەکی گونجاو بۆ ئەو کێشە کۆمەڵایەتی و ئینسانیە نەدۆزراوەتەوە هیچ کەسێك خۆی بەبەرپرسی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە نازانێت کە سەدان ژن بەدەستیەوە دەناڵێنن، لەوەش واوەتر دوای ڕووخاندنی بەعس ئێستا ژنانی هەژاری ناوچەکانی ناوەڕاست و خواروی عێراقیش دێن جەستەی خۆیان لێرە دەفرۆشن و بوونەتە هەرزانترین کاڵاو سوکایەتییان پێ دەکرێ، بۆ یە بە بڕوای من دەبێ ڕێکخراوەکانی ژنان و پیاوانی یەکسانی خواز بیرێکی جددی لەو دیاردەیە بکەنەوەو هەوڵی ڕێگە گرتنی بدەن، چونکە کەم نین ئەو ژنانەی بازرگانی بە جەستەیانەوە دەکرێ و سوکایەتیان پێ دەکرێ، بۆیە دەبێت فریای کۆمەڵگاکەمان بکەوین و هەنگاوی عەمەلی هەڵبگرین و، چونکە ئێستا هەل و مەرجی سیاسی لەبارە بۆ قسەکردن لەسەر دیاردە گرنگ و هەستیارەکانی ناو کۆمەڵگا، جا ئەگەر ئێمە بتوانین فشار دروست بکەین بۆ گۆڕانکاری، ئەوا بە دڵنیایی یەوە دەتوانین هەنگاوی گەورە بنێین بۆ چارەسەرکردن و دۆزینەوەی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ڕێگەیەك بۆ ئەو ژنانەی کە لەژێر ئەو هەموو ئازارە دەروونی و جەستەییەدا دەناڵێنن، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرێت سنوری ئەو خەباتە فراوان بکرێ و سەرتاسەری عێراق بگرێتەوە، چونکە ئێستا هەل و مەرجی ژنانی عێراق بەگشتی زۆر خراپەو ئەمەش کاردانەوەی هەیە لەسەر ژنانی کوردستان و دیاردەی لەش فرۆشی و لەژێر ئەو هەل و مەرجەدا کاریگەری سلبی پەیدا کردووە و ئەو شەپۆلەی ژنانی ناوەڕاست و باشوریش کە هاتوونەتە کوردستان پێویستی بە وەڵام هەیە ئەوان لەترسی فڕاندن و مەرگ خۆیان لەکوردستان حەشارداوەو بە پێی ئامارێکی نارەسمی لەدوای ڕووخاندنی بەعسەوە هەتاکو ئێستا زیاتر لە (1000) ژن و کچ ڕفێنراو ئیختییاب کراون و فرێ دراونەتە بازاڕی لەش فرۆشی یەوە، بۆیە دەکرێ ئێستا خەمێکی جددیی لەو کێشەیە بخۆین و قسە بکەین تا ئازارو نەهامەتیەکان زیاتر نەبێت...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.